

**دەریا ڕەوانـدزی**

# ناتوانی چاوەکانم لەگەڵ باران ئاشتکەیتەوە

وا هەست دەکەم ئەمدڵەی تۆ
وەکو دەریا فراوانە،
بەڵام دەرکەوت،
ئەو دڵەی تۆ هەر جوار وەرزی بێبەهارە
وا هەست دەکەم، فریوم ئەدەیت،
بەڵام توانای فریودانی مەرگی منت نییە
نزا ناکەم
بەدواتا ڕاناکەم !
وا هەست دەکەم
ماڵئاوایی لە ئەوینی دڵی منا دەکەی
دەزانم،
کەدائەبڕیی،
ئامیزم،
بە ئامیزت ناگات،
بەڵام بۆنەکەی جێ بێڵە
دەزانم بەیانی زوو
لەگەڵ تریفەی مانگە شەوا
جێم دەهێڵی ،
بەڵام رەنگەکەی جێ بێڵە
دەزانم دوور دەڕۆیت
ئەمە گەورەترین خەزانە،
بەڵام بەهارێ جێ بێڵە.
نەتوانی چاوەکانم ئاشتکەیتەوە لەگەڵ باران.
ئێستا بێتۆ ژیان چ سەمفۆنیایەکی حەزین دەچڕی،
بێتۆ دەریا دەریایەك ئەشك دەرێژێ.

کەنەدا
دەریا ڕەواندزی